**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٥٨٦٩ لە ٢٠١٦/١٢/٢٢**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی تایبەت بەنوسینگە گومرگیەکان

تایبەت بە نوسینگە گومرگیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدرال بەمەبەستی برەودان بە بواری بازرگانی و رێکخستنی کاری گومرگی و هەڵس و کەوتی گومرگی لە نوسینگە گومرگیەکانی نێوان هەرێم و عیراقی فیدرال بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :-

١- بازگەکان بە ناوی (نوسینگەی گومرگی) دەبێت.

٢- کارکردن بە قەپانیکی کێش کردن بەمەبەستی کێشان بۆ ئەو بارانەی کە پێویستیان بە کیشان هەیە لەنوسینگە گومرگیەکان.

٣- لێپرسراو و جێگرو فەرمانبەر بۆ نوسینگە گومرگیەکان بەپێی پێویستی نوسینگەکە دابین دەکرێت.

٤- پێویستە پۆلیسی گومرگ لەو نوسینگانە هەبێت کە کاریان پاراستنی نوسینگەو فەرمانبەرانی گومرگ دەبێت.

٥- سەبارەت بە ئالیەتی کارکردن وە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو کەل وپەل و کاڵایانەی کە لە دەروازەکانی عیراقەوە هاتوون و لەو نوسینگانەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت:

أ- ئەو بارانەی کە لە دەروازە گومرگیەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق کاری گومرگیان بۆ ئەنجام دراوە و بەنیازن لەو نوسینگانەوە بێنە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەر پێویستیان بە(پشکنینی تەندروستی،کشتوکاڵی، ڤێتێرنەری،کوالێتی کۆنترۆلی جۆری یان،...) هەموو پشکنینێکیان بۆ ئەنجام بدرێت،دوای دروستی کاڵاکان کەشف بکرێتەوە ئەگەر جیاوازی لە رەسمی گومرگی دا نەبوو واتا (مطابق) بوو تەنها بەهای فۆرم و پولی دارایی و خزمەتگوزاریەکانی پشکنین و کرێی پشکنینیان لێ وەربگیرێت .

ب- ئەگەر کەم و کورتی و جیاوازی لە رەسمی گومرگی هەبێت پێویستە تەواوکەریان بۆ بکرێت بەپێی دوایین پێناسەو رێنماییەکانی گومرگی هەرێمی کوردستان.

ج- ئەو بابەت و کاڵایانەی کە لە پشکنین دەرناچن بە ئاگاداری بەڕێوەبەری گومرگ و لە رێگای لیژنەیەکەوە لەناو دەبردرێن .

د- هەر هەڵسوکەوتێکی گومرگی لە دەسەڵاتی نوسینگەکان نەبوو پێویستە بارەکە بەنوێنەرێك رەوانەی بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەکە بکرێت .

٦- ئەو کەل و پەلانەی کەی پێویستیان بە پشکنینە و لەکۆگا دادەنرێن تا ئەنجامی پشکنینەکەی دەردەچێت پێویستە لە ژێر چاودێری گومرگدا بێت دواتر مامەڵەی گومرگی بۆ ئەنجام بدرێت.

٧- ئەو بارانەی کە پێویستە بکرێت بە رەسید دەبێت رەسیدیان بۆ رابگرێت لە لایەن فەرمانبەرانی ئەو نووسینگانە بە ئاگاداری لێپرسراوی نوسینگە.

٨- کار بەو رێنماییە گومرگیانە بکرێت کەلە هەرێمی کوردستان دەرکراون و تایبەتن بە کاڵاو کەل و پەلە بەخشراوەکان و قەدەغەکراوەکان.

٩- هەموو کەل و پەلێکی قەدەغەکراو کە دێنە ئەو نوسینگانە پێویستە راپۆرتی دەست بەسەرداگرتنی بۆ ئامادە بکرێت و بە نوێنەرێکی گومرگی رەوانەی بەرێوەبەرایەتیەکان بکرێت.

١٠- لەکاتی وەرگرتنەوەی جیاوازیەکان لە رەسمی گومرگی بۆ کاڵاو کەل و پەلەکان پێویستە پسولەی گومرگی وەرگرتنەوەی جیاوازیەکان لەگەڵ سەرەتاکانی تری عیراقی هاوپێچ بکرێت و لەکاتی چوونە دەرەوەدا وەك سەرەتا هەژمار بکرێت.

١١- سەبارەت بەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە تەنها لە نێوان شارەکانی هەرێمەوە دەگوازرێنەوە هیچ هەڵسوکەوتێکی گومرگی بۆ ناکرێت.

١٢- ئەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە لە شارێکی هەرێمەوە بە ناو شارێکی دەرەوەی هەرێم تێدەپەرێت و ئەچێتە شارێکی تری هەرێم پێویستە لەسەر خاوەنی کاڵا و کەل و پەلەکان لە نزیکتری خاڵی گومرگی یان بەرێوبەرایەتی گومرگی ئەو شارەی کە بارەکەی لێ باردەکرێت پسولەی گومرگی یان پسولەی ئەو شوێنەی لێی کڕیوە لەو لایەنە گومرگیانە مۆری لێ بدات و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت.

تێبینی/

١-ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

٢-ئەم رێنماییە لە بەرواری کردنەوە و دەست بەکاربوونی نوسینگە گومرگیەکان کاری پێ بکرێت .

رابەر صديق محمد
بریکاری وەزارەت بەوەکالەت